کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 26-10-2007 21:11

## لەم وڵاتە هێشتا کاتژمێر لەدایک نەبووە ... هەردی شەفیق

من کاتژمێرم بۆچیە کەژیانم درۆیەکی دووبارەیە، بەفیرۆدانێکی دووبارەیە بەدەم پیاسەی شەقامەکان



ویاری بێسودی نێو چایخانەو گازینۆکانەوە. ئەمە قسەی ئەوگەنجەیە کەئیمانی بەکاتژمێرنیە لەبەرئەوەی ژیانی تراژیدیا یەکە بەردەوام دووبارەئەبێتەوە بەبێ ئەوەی کەسێك لەئازارەکانی تێبگات. لەفەرمانگەکاندا دوو دووسی سی کچان ببینە پێکەوە مێزگردیان لەسەرجۆری ئارایشت و شوکردن گرتووە لەولاتریشەوە کوڕەکان ببینە بەدەم سمس ناردن وتەلەفۆن کردن بۆکەپڵەکەیەوە سەرقاڵە یان یارۆی مودیر ببینە بەدیار کۆمپیوتەرەکەیەوە خەریکی کۆنکەنکردنە. لەهەمووشی خۆشتر نیوەڕۆخەوە حەیاتەکەیەو یەك دووکاتژمێر دەوامە کەیە ئەویش یالەکۆ بوونەوەیە یان کاتی نیە!یا ئەسڵەن دەوام ناکات وکەسێکیش نیە بڵی پشتی چاوت برۆیە!یا یارۆی پەرلەمانتار ببینە لەنێو هۆڵی پەرلەماندا لەشکری خەو داویەتی بەسەریدا وباوێشك پڕوزەی لێبڕیوە! قوتابی وخوێندکار ببینە تکاو ڕجای دنیا لەدوکانی ئیستنساخ و کۆمپیوتەرەکانی ناوبازاڕئەکات قۆپیەکانی بەفۆنتی هەشت ونۆ بۆ کۆپی بکەن. یارۆی ڕۆشنبیر ببینە لەچایەخانە کاندا بەدەم دۆمینە کردنەوە باسی ئایندەو پێشکەوتنی کوردستان ویەك گرتنەوەی هەرچوار پارچەکەی کوردستان ئەکات و ئەیەوێت ئەو خەونە بەقسە بێتەدی!. حوکومەتیش ببینە تەواوی خەڵکی شاری فێر کردووە لەبرکار گەی وەبەر هێنان بن بوونەتە کارگەی بەکار بەر، ئیمانی بەدرو ستکردنی کارگەو پرۆژەو بەرنامەیەك نیە خەڵك فێر بکات ئایندەی خۆیان وئەم میللەتە بنیاد بنێنەوە وچاوەڕوانی پیازو توری ئەملاو ئەولا نەکات باسی شتی تر ناکەم!تاهەم حکومەت وهەم خەڵکیش قازانج بکات.

نەگبەتیە هەرەگەورەکە لەوەدایە سەری زمان وبنی زمانی هەرهەمووشمان باسی پێشکەوتن و شارستانیەتی ڕۆژئاوایە. ڕۆژئاوایەك لەکاتی کارکردندا جوابی سڵاویش نادەنەوە، لەڕۆژێکدا یەك دووکاتژمێریان هەیە بۆ ئیسراحەت و کات بەسەر بردن ولەهەفتەیەکیشدا ڕۆژێك.

وەك ئەوەی حوکومەت بێخەم لێی دانیشتووە بیری لەژیانی ئەو هەموخەڵکە بێکارو بەتاڵە ناکاتەوە ئی خۆ خەڵکی لای خۆمانیش لەهەفتەیەکدا هەر حەوت ڕۆژەکەی بەدەم گۆشت برژاندن و سەرچۆپی کێشانەوە ڕوبکاتە سەیرانگاکان هێشتا پێی کەمە ولەو لاتریشەوە سەری زمان وبنی زمانی باسی پێشکەوتنی ڕۆژئاواو گلەیی کردنە لەحوکومەت!

Jgarsoz8181@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.